وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە:٤٦٩٨ لە ٢٠٢٢/٢/٢٢

بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢

گواستنەوەی گوندی (نزیرکی)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و مادەی شەشەم بڕگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکرا و ، و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٣٨٨) لە ٢٠٢٢/١/١٨ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

یەکەم: گواستنەوەی گوندی **(نزیرکی)** و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لەسنوری ناحیەی ئەتروش/ قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (١١ دۆنم و ٦ ئۆلک و ٦٧م٢) یازدە دۆنم و شەش ئۆلک و شەست و حەوت مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٠ لە کەرتی ٨٩/نیرکی) بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

دووم : ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد

وەزیری ناوخۆ

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢

- کردنەوەی (**هۆبەی جوانکاری و ڕێککاری سینگ**) لە نەخۆشخانەی ڕزگاری فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢١.

بەیانی ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٢٢

- کردنەوەی (**هۆبەی نەخۆشییەکانی هەناسە**) لە نەخۆشخانەی ڕزگاری فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٣.

د. سامان حسین بەرزنجی

وەزیری تەندروستی